


**عومه‌ر حسێن**

ئاوێنه‌یه‌ك، له‌به‌ر ده‌مماو وه‌ك ئه‌وه‌ی سێبه‌ری شۆقێكی كاڵی ئه‌وبم. شۆقێ له‌سه‌رمه‌و هه‌ستده‌كه‌م له‌وه‌وه ده‌ڕژێمه دنیاوه.. ده‌ڕژێمه ناو چاوی حیكایه‌تێكی نامۆوه. ئه‌وه چ قه‌ده‌رێكه خودایه..؟ ئاوێنه‌یه‌ك ببێت به هاوده‌م و هاونشین و هاوچاره‌نووسم! نازانم چ بڵێم..؟ بارێكه به‌كۆڵمه‌وه‌یه.. یا ئه‌وه‌تا له‌ناو رایه‌ڵی روانینه‌كانیدا دیلم و گومان ده‌كه‌م كه ته‌نها تارماییه‌كی ناو ئه‌وم و چیتر نا..! ته‌نیاییم ته‌نیاتر ده‌بێ و به‌سه‌ر پشتی تیشكێكدا دوور، دوور، دوور.. زۆر دوورتر له دووری ده‌مباو هه‌ستده‌كه‌م دنیام سه‌رابستانێكه‌و چیتر نا..!

خودایه، ئه‌وه پیشاندانی چ موعجیزه‌یه‌كه ؟! قه‌ده‌ری مرۆڤێك به ئاوێنه‌یه‌كه‌وه گرێ بده‌ی. ئیدی وه‌ك ئه‌وه‌ی ته‌نها و ته‌نها سێبه‌ری شۆقێكی ڕژاوی ئه‌و بم و له‌وه‌وه بڕژێمه دنیاوه. ئیدی من نازانم به عه‌زاب و ئازاری ئه‌م بارو سێبه‌ربوونه‌وه په‌ست و نیگه‌ران و تووڕه بم یا شادو به‌خته‌وه‌ر. وه‌ختێك ده‌زانم قه‌ده‌ری بوون و نه‌بوونی شارێك و هه‌موو خوشكانی ناو له‌ته ئاوێنه شكاوه‌كان به‌وه‌وه به‌نده. وتم شارێك.. شارێك له ڕۆخی نغرۆ بووندا، شارێك به‌و هه‌موو باره قورسانه‌یه‌وه خه‌ریكه به ناخی زه‌ویدا رۆده‌چێت یا وه‌ك وێنه‌ی سه‌ر كاغه‌زێك رۆژێك گێژه‌ڵوكه‌یه‌ك هه‌ڵی بگرێ و بیباو شوێنه‌وارێكی نه‌مێنێ و پێشبینیی هه‌موو ئه‌و پێشبینییكه‌رو فه‌له‌كناس و ئه‌ستێره‌ناس و به‌ختناسانه وه‌ڕاستگه‌ڕێ، كه له به‌راییدا پێشبینیی نغرۆبوون و به سه‌رابیبوونی شاریان كردبوو.. چه‌ندان وه‌لی و پیاوچاكیش راستی ئه‌و ڕووداوه چاوه‌ڕوانكراوه‌یان به‌ڕاست زانیوه‌و چه‌ندان ژنی زه‌یستانیش له‌ناو خه‌ونی پڕ له ئازارو ژانه‌سوێی خۆیاندا پێشهاتی ئه‌و ڕووداوه چاوه‌ڕوانكراوه‌یان بینیوه. هه‌ر بۆیه‌شه ئه‌م ڕووداوه چاوه‌ڕوانكراوه جێی باوه‌ڕو قه‌ناعه‌تی زۆرینه‌ی خه‌ڵكه‌كه‌یه، ڕووداوی نغرۆبوون و به سه‌رابیبوونی شار، به‌ڵام هیچ كه‌س واده‌و به‌رواری رۆژ و مانگ و ساڵه‌كه‌ی نازانن، هه‌ر وه‌ك چۆن كه‌س رۆژو به‌رواری رۆژی قیامه‌ت

و کۆتایی دنیا نازانن، بەڵام هەموو باسیان لەوە دەکرد، کە بەر لە ڕوودانی نغرۆبوونی شار هەندێ دیاردە زۆر دەبن و بەربڵاو و بەرچاو دەبن، هەموو کەس دەیانبینێ و هەستیان پێ دەکات. یەکێك لە دیاردەکان ونبوونی پیاوێکە لەناو گلێنەی چاوی ئاوێنەیەکدا، پیاوێك کە بەردەوام لە هەوڵی بەتاڵکردنەوەی سیحرو تەلیسمی نغرۆبوونی شاردایە. دووەمیان مردنی بەکۆمەڵی پەپوولەکانە لە گوناهێکی سپیدا. سێهەمیان داپچڕان و زلبوونی چاوی خەڵکە، ئەوەندە زل و گەورە دەبن کە بە نیگایەك نیوەی شار قوتدەدەن. چوارەمیان هەڵبزڕکان و کاڵبوونەوەی بەهاو پیرۆزییەکان. پێنجەمیان پارچە کاغەزێکی چاپکراو دەبێتە بەهای هەموو شتەکان و چەندان شتی تریش. ئێستاش کە هەموو ئەو دیاردانەی باسیان لێوەدەکرا تا دێ بەربڵاوترو زۆرترو بەرچاوتر دەبن، ئەوە ترس و بیم و دڵەڕاوکێی خەڵکیش لە وادەی نزیکبوونەوەی نغرۆبوونی شار زیاتر بووە. بەتایبەت لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ونبوونی پیاوێك لەناو ئاوێنەیەکدا. ئەو پیاوەی وێڵ و عەوداڵی کۆکردنەوەی لەتە ئاوێنە شکاوەکان بوو. ئەو پیاوەی لە هەوڵی بەتاڵکردنەوەی سیحرو تەلیسمی نغرۆبوونی شاردا بوو، دەیەویست شار بەرەو ئاوەدانییەکی جوانتر ببات. ئەو بە تارمایی ناو لەتە ئاوێنەکان ناسرابوو، پێیان دەوت (حەمە ئاوێنە، حەمە شیشۆق یان شوشو). ئەو کەسێك بوو بە قەدو قیافەیەکی لەڕوو درێژەوە، بە سەرو پرچێکی درێژی ئاماڵ سپییەوە، بە دوو چاوی زەردباوی تیژەوە، دوو چاوی پڕ لە درەوشانەوەو تیشك، لە شێوەو بەرگێکی شێتانەدا دێت و دەچێت، خەڵکی سەرنجی دەدەن و هەریەك بە جۆرێك باسی لێوەدەکەن. هەندێك پێیان وایە پیاوێکی سیحربازو نەفرینە، دەڵێن دنیایەك خێو و شەیاتینی هەیە، شتی بۆ دەکەن و دەرسی دادەن، پیاوێکە پڕە لە نەفرین و بەڵای شووم، هەر بۆیەش خەڵکی زۆر سڵی لێ دەکەنەوە، تا لە بەڵاو نەفرینەکانی بەدوور بن. هەندێك خەڵکی تریش پێیان وایە کەسێکی شێت و ئەقڵ لەدەستچوو و خەڵەفاوەو هیچی تر. هەندێك خەڵکیش پێیان وایە وەلییەو مەڕی خوایە، دەشیان گوت: «دەیان جار خەڵکی شتیان لێ دیوە، زۆر جاریش فریشتەی سپییان بینیوە کە لە شێوەی ئەسپی باڵدار بۆ ماڵەکەی دابەزیوە. رای زۆرێك خەڵك وایە ئەمە دوڵدوڵ بووە، ڕەنگە خوا دوایین پەیام و ڕاسپاردەی خۆی بۆ ئەو ناردبێ، هەر بۆیەشە بە زۆر شت ئاگادارە، ڕەنگە ئەمە پێغەمبەری ئاخرزەمان و مەهدیی چاوەڕوانکراو بێت». بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا شێت بێت یان ساحیرو جادووباز بێت یا فریشتەو مەڕی خوا بێت، ئەو بە کارێکەوە خەریکبوو کە خەڵکی هەموویان فەرامۆشیان کردبوو، هیچ بایەخێکیان بۆی نەبوو، ئەویش گەڕان بوو بەدوای لەتە ئاوێنەی شکاودا.! ڕۆژانە بە سەرجادەو شەقام و کۆڵانەکاندا دەگەڕا، لە شوێن لەتە ئاوێنەی شکاو، هەموو ڕۆژێك سی و دوو کۆڵانی شاری تەی دەکردو لەتە ئاوێنەی شکاوی کۆدەکردەوە. ئەو کەسێك بوو بەردەوام چەند لەتە ئاوێنەیەکی لەناو دەستدابوو، چەند لەتە ئاوێنەیەکیشی لە باخەڵ و گیرفانەکانیدا هەڵگرتبوو، زۆر جاریش پڕیسکەیەکی پڕ لە لەتە ئاوێنەی لە بنهەنگڵدا بوو. هەر بەهۆی ئەم هەموو گەڕان و سووڕانەوەی بەناو جادەو کۆڵانەکانی شاردا تەواوی خەڵکی شار ئەویان دیبوو، دەناسی. کە زۆر جار منداڵان لەتە ئاوێنەیان بۆ کۆدەکردەوەو دەیاندایە، وەختێك بەناو کۆڵانەکانیشدا دەگەڕا، ژنان بانگیان دەکردو لەتە ئاوێنەیان دەدایەو پێیان دەگوت: شوشو ئاوێنەکەم شکاوە ئەوە لەتەکانییەتی، با بۆ تۆ بن، بەڵام تەماشایان بکەو بزانە بەخت و داهاتوومان چۆنەو چۆن دەبێت؟. ئەو بەهۆی لەتە ئاوێنەکانەوە بەخت و داهاتووی ژنەکانی دەخوێندەوە، ژنان زۆر باوەڕیان بە قسەکانی دەکردو دەیان گوت: «هەموو قسەو مەزندەو پێشبینییەکانی ڕاستن و ڕاست دەرچوون». ئەو کەسێك بوو زۆر کەم قسەی لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد زۆر بێدەنگ و کەمدووبوو، خۆ ئەگەر پرسیارێکیان لێ دەکرد ئەو تەنها بە سەرراوەشاندنێك یان شانهەڵتەکاندنێك یان بە ئایەك یان بە نایەك وەڵامی دەدانەوە، تاکە قسەیەك کە زۆر دەیکردو هەموو ڕۆژێك دووبارەی دەکردەوە، ئەوە بوو کە دەیگوت: قەرێنەی ئاخیری زەمان دەرکەوتوون، شار لە ڕۆخی نغرۆبوون و سەرنگومبووندایە، کەس بیر لە ڕزگاربوونی ناکاتەوە، هەموو هەر لە فکری خۆتاندان، وەك قەومی داڵ و گورگان! هاکا ڕۆژێك لەناو

ئاوێنەیەکدا ونبوو، بوو بە سەراب و شوێنەوارێکی لەسەر زەوی نەما! شارێك كە تەنها خوێن و هەناسەی گورگ لە دەمارانی دەگەڕێ! کاتێکیش لێی دەپرسن: شوشو ئەو هەموو لەتە ئاوێنەیەت بۆ چییەو چییان لێ دەکەی؟!

دەڵێت: لەو هەموو لەتە ئاوێنە شكاوە ئاوێنەیەكی ساف و ڕوون و گەورە دروست دەكەم، ئاوێنەیەك هێندە گەورە بێـت تەواوی شاری تێدا دیار بێت و ببێتە باڵانومای شار! تا هەموو شار لە یەکترەوە دیار بن و لە پەیوەندییەکی بەرچاودابن، تا هیچ سروترێ بە شاراوەیی و پەنهانی نەمێنێ و خەڵکی ڕاستیی هەموو شتەکان بە چاوی خۆیان ببینن و بزانن. زۆرێك لە خەڵكی لەو قسەو ئەندێشەو خەیاڵانەی شوشو دەترسێن و نیگەرانن و دەڵێن: بەڕاستی ئەمە بیرکردنەوەیەکی ترسناکە و هەتا بڵێی خەیاڵێکی شەیتانانەیە، خۆ ئەگەر بێتو ئەوە بکات، ئەوە هیچ پانتاییەکی ئازادانە بۆ خەڵك نامێنێتەوەو هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادییەکانی خەڵك، هەروەها نەمانی هیچ سنوورو کەوشەنێکە لە پەیوەندیی مرۆڤەکان و وەلانانی هەموو بەهاو پیرۆزییەکانی خەڵکە، زۆر زۆر پڕ مەترسییە. ئاخر چۆن دەبێ هەموو شار لەپەیوەندییەکی دیارو بەرچاودابێ؟ نەعلەت لەهەزار ئاوێنەی وابێ. هەروەها ڕێگر دەبێ لەبەردەم گەشەکردنی ئابووریی وڵات و پێشخستنی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵ، کارێکی لەو جۆرە دەشێت دەستی دوژمنانی لە پشتەوە بێت، بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی. هەموو ئەو قسەو باسانە وایان کرد هەوڵبدەم لە شوشو نزیك ببمەوە، تا کلێشەی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە سەیرەکانی زیاتر بۆ خەڵك ڕوونبکەمەوە، زیاتر بە ئەنگێزە سەیرو شاراوەکانی ئاشنا بن و ڕاستی و حەقیقەتی ئەو پیاوە وەك خۆی بناسن و بزانن. بەڵام تاقە گرفتێکم بۆ نزیکبوونەوە لە شوشو ئەوە بوو، کە شوشو هیچ بایەخێك بە پەیوەندی و تێکەڵاوبوونی خەڵکی نادات.. ئیدی ئەو پیاوێکە تەنیاو تەنها لەناو تەنیایی خۆیدا دەژی، هیچ کەس و دۆست و هاوڕێ و هاودەمێکی نزیکی نییە، تاکە پەیوەندییەکی ئەو لەگەڵ خەڵکدا تەنها لە ڕێگای پێدانی لەتە ئاوێنەی شکاودایە و هیچی تر. لەتە ئاوێنەیەك بەقەد هەموو دنیا شادو کامەرانی دەکات، ئەوەی زۆرترین لەتە ئاوێنەی پێدەدات، نزیکترین هاوڕێ و هاوسۆزو کەسیەتی، بۆیە دەبوو لە فکری ئەوەدابم بڕێك لەتە ئاوێنە پەیدا بکەم، بۆ چەند ڕۆژێك بەسەری بکەمەوە، هەر بۆیەش چەند ڕۆژێك لەسەر یەك لەتە ئاوێنەم دایەو تا ئەو ڕۆژەی بڕێك لەتە ئاوێنەم دایەو پێم وت:. ها، شوشو گیان، با ئەوانە بۆ تۆ بن، ئەوانە پارچەی شکاوی ئاوێنەکەمن، جوان بۆم سەیرکەو بزانە بەخت و داهاتووی من چۆنەو چۆن دەبێت، بەیانیش بڕێکی ترت بۆ کۆدەکەمەوە، هەر لێرەدا چاوەڕێتم. بەیانی لە هەمان شوێن بینیمەوە پێم وت: شوشو گیان چ خەبەر لە لەتە ئاوێنەکانم؟. سەیرێکی کردم و وتی: هیچ.. هیچ.. هەر هیچ ....! لەتە ئاوێنەکانت سارایەکی بێ ئاوەدانی بوون و خاڵی بوون لە هەرچی شت هەیە! ئەوانە هەمووی پارچەی یەك ئاوێنە بوون، کە هەست دەکەم تەنها بۆ منت شکاندبوون، جا نازانم بە چ مەبەستێك؟!. وتم: شوشو گیان، مەگەر هەر خوا بزانێت چەندە خوازیاری هێنانەدیی خەونەکەتم!. بە سەرسووڕمانێکەو وتی: کام خەون..؟!.

-خەونی دروستکردنی گەورەترین ئاوێنە.. ئاوێنەیەك باڵانومای تەواوی شار بێت، تا لەیەك ئان و ساتدا تەواوی شار بە چاوەکانی خۆم ببینم.. تا هەموو ڕووداو و بەسەرهاتە جەرگبڕو پڕ لە ئازارەکانیشی بەچاوانی خۆم ببینم!.

بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: بۆ دەتەوێ لە یەك ئان و ساتدا هەموو شار ببینی؟ هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ببینی؟. وتم: ئای شوشوگیان کەس نازانێ! ڕووداو و کارەساتە نادیارو شاراوەکانی شار چەند عەزابم دەدەن.. چەند هەراسانم دەکەن.. کەس نازانێ! چ ڕەنج و ئازارێك دەچێژم تا ڕووناکی دەخەمە سەر کون و پەسیوە تاریکەکان، بۆ ئەوەی حیکایەتی ڕووداو و بەسەرهاتە جەرگبڕو پڕ لە ئازارەکانی شار بنووسمەوە. وتی: تۆ ئەو پیاوەی حیکایەتە شاراوەکانی شار دەنووسیەوە؟! من ناوی تۆم بیستبوو!.. بەڕاست تۆ هیچ لە حیکایەتی ونبوونی دایك و خوشکانی من دەزانی؟! وتم: نا هیچ لە حیکایەتی ونبوونی دایك و خوشکەکان نازانم!. وتی: بەڵام

حیکاتەتی ونبوونی دایك و خوشکەکانم ترسناکترین و پەنهانترین و پڕئازارترین حیکایەتی ئەم شارەن، ئەوان لە ڕووداوێکی ئەوەندە نادیارو پەنهاندا ونبوون، کە کەس باوەڕ بە ڕاستیی ونبوونیان ناکات، بەڵام دڵنیام تۆ باوەڕ بە ڕاستیی ڕووداوەکە دەکەی. وتم: چۆن دەزانی من باوەڕ بە ڕاستی ڕووداوی ونبوونەکەیان دەکەم؟!.

وتی: چونکە چیرۆکنووسان ئەزموونی ئەوەیان هەیە، کە دنیا دوو دیوی هەیە، دیوێکی دیارو بەرچاوە، دیوێکی نادیارو پەنهان، ئا، من دەزانم چیرۆکنووسان هەمیشە پێیەکیان لە واقیعدایە و پێیەکیان لە خەیاڵ و غەیبدایە. تەنها ئەوانن ئەو ڕاستییە دەزانن کە لە نادیاریشدا حەقیقەتێكو ڕاستییەکی شاراوە هەیە، بەڵام خەڵکی ئەو ڕاستییە نازانن، ئەوان ئەوەی بە چاو نەیبینن و لە حوکمی بینینی چاویاندا نەبێ باوەڕی پێناکەن.

بەر لەوەی بڕوات و جێمبهێڵێت ناونیشانی تەواوی ماڵەکەیانی دامێ و وتی: بەیانی چاوەڕێتم، دەمەوێت ناوازەترین و پەنهانترین حیکایەتی شار بە تۆ بسپێرم.

ئەو بەیانییەی ڕۆیشتم و ماڵەکەیانم دۆزییەوە، هەر ئەوەندەم خۆشبوو کە لە بەردەم دەرگا دارینە قورس و کۆنەکەیان وەستابووم، دەرگایەکی گەورەو گرانو کۆن، کە پێدەچوو کۆنترین دەرگای ئەم شارەبێت، هێشتا دەستم هەر بەسەر ئاڵقەرێزی لێدانی دەرگاکەوە بوو، کە دەرگای بە ڕوومدا کردەوە، وەك ئەوەی هەستی بە هاتن و گەیشتنم کردبێ، زۆر زوو گەیشتە بەردەمم وتی: هاتی؟ بەڕاستی لە کاتی خۆیدا گەیشتی، فەرموون وەرنە ژوورەوە.

ڕوویەکی زۆر خۆشحاڵانەی پێشاندام و وەپێش خۆی دام، بەڵام هەر لە یەکەم هەنگاونان و سەرنجدانی حەوشەدا تووشی شۆك بووم، ترس و نیگەرانییەك دایگرتم، هەستم دەکرد باری دەروونم تێکدەچێ، تووشی ترس و شڵەژانێکی سەیر بووم، پەشیمان بووم و هیچ دەسەڵاتێکیشم نەبوو، ئاخر نەدەبوو یەکسەر بگەڕێمەوە، دەبوو قسەیەکم کردباو ئەنجەتێکم هەبا، هاتنم لە چیو گەڕانەوەم لە چی؟! بۆیە هەوڵم دا بەسەر دەروونی خۆمدا زاڵبم و هاوسەنگی لەدەست نەدەم، دەمەویست زۆر ئاسایی خۆم نیشانبدەم، بەڵام وەك ئەوەی هەستی بە ترس و نیگەرانییەکانم کردبێ، وتی: وەرە، وەرە وەك پیاوێکی مەردو بوێر لەگەڵمابە، وەرە پەیمان بدەین، ببین بە برا، چونکە دەمەوێت بتکەم بە براو نزیکترین کەسی خۆم، دڵنیاشبە لە دوای چەندین ساڵ لە دوای چوونی دایك و خوشکەکانم، تۆ یەکەمین کەسی پێ دەنێیتە ئەم ماڵە، دەفەرموون هەڵکشێن بۆ سەرەوە بێ دوودڵی. بە ترس و نیگەرانییەوە هەنگاوم دەنا، بەڵام چیم دی، خودایە من چیم دی؟! ماڵێك، ئەوەندەی لە تەلیسم و جادو دەچوو، ئەوەندە لە واقیع نەدەچوو، وەك ماڵی ناو ئەفسانەو حیکایەتە کۆنەکان وابوو، وەك ئەوەی لە ناو تەپوتۆزو گەردی سەدەکاندا نووستبێ، داوەستابوو لە پارچە شیشۆق و شووشە شکاوی ئاوێنە، بە دەیان کۆی گەورە گەورەی شیشۆق و لەتە ئاوێنەی شکاو وەك تەغارە گەنم و جۆ بەسەر یەکدا هەڵدرابوونەوە. هەر لە یەکەم هەنگاودا وەهمێك داگیریکردم، وام هەستدەکرد لە فەزایەکدام، جیاواز لە فەزای واقیع، فەزایەك ئەوەندەی لە تەلیسم و سیحرو داهۆ دەچوو، ئەوەندەی لە خەیاڵ و سەراب دەچوو، ئەوەندە لە فەزای واقیع نەدەچوو. ورد هەنگاوم دەناو هەستم دەکرد مردن وەك سێبەر بەدوامدا دەکشێ، تا دەهات گیانم قورستر دەبوو، پشووم تەنگتر، ئیستێك دەکەم و لە ناوەڕاستی حەوشەدا دەوەستم و چاو بە دەوروبەرمدا دەگێرم و ناتوانم سەرسامیم وەشارم. هەستدەکەم لەناو خەراباتێکی شیشۆق و شووشە شکاودام، هەروەکو لەناو شیوێکی گەورەی پڕ لە شیشۆقدا، بە پێخواسی و بێ لیباس بەناویدا ڕێ بکەم، ژان و ئازارێکی سەخت لە پێم تا تەوقی سەرم دەتەنێ. هەر سەیردەکەم و سەرسامیم پرتردەبێت، لام سەیرە کە ئەو هەموو لەتە ئاوێنە شکاوە لەم شارەدا هەبووەو هەیە. کۆی گەورە گەورەو کەڵەکەبوو لەسەریەك هەڵدراوی لەتە ئاوێنەو شیشۆقان لە پانتایی ئەو حەوشە گەورەو بەرینەدا، زۆر بە ئەهرامەکانی فیرعەون دەچن لە بیابانەکانی میسردا. کتکێکی ڕەشی گەورەم بینی، لەناو کۆڵیتە کۆنەکەی حەوشەدا هاتەدەرێ و بازێکی هەڵدایە سەر کۆڵیتەکەو

خرم و هوڕی لە لەتە ئاوێنەکانی سەری هەستاند، سەرنجی تەماشام بۆ سەری گواستەوە، من پڕ بە چاوانم تەماشام دەکرد و ئەویش بە دوو چاوی ئەبڵەق تێمرامابوو، بە دوو چاوی پڕ لە شۆق و درەوشانەوەو تیشك، چاوەکانی وەك دوو لەتە ئاوێنەی بەرهەتاو وابوون، تیشکیان ئەوەندە تیژ بوو، وەختێ بە ڕۆحما ڕۆدەچوو، خۆفێك دەرورونی دەتەنیم، هەستم دەکرد ئەوەندەی لە دێوودرنج دەچێ، ئەوەندە لە پشیلەیەکی ئاسایی ناچێ، یەکسەر قسەکانی نەنکم وەبیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت: (کوڕم خۆ لە پشیلان بپارێزن، ئازاریان مەدەن، ئەوان لە جنس و نەسەبی شەیاتینن) لەبەر خۆمەوە دەموت: نەنکم ڕاستی دەوت، ئاخر ئەگەر شەیاتینی نەبێت، چ دەکات لەناو ئەو کاولبووەدا، لەناو ئەم هەموو شووشە شکاوەدا. لە ترسان خێرا چاوم لە سەری دەگوازمەوەو ئاوڕ لەو دەدەمەوە، کە لەدوامەوە وەستاوە، بە هێمنییەکەوە سەرنجم دەدات، سەیری ناوچاوی دەکەم و ترسێك گیانم دادەهێژنێ و نەفەسم قورسدەکا، سەیرم دەکاو بە ئاماژەی چاو تێمدەگەیەنێ، سەرکەوم و بچمە ژوورەوە، ورەو بووێری وەبەر خۆم دەنێم، بێباك بە قاچە قورسبووەکانم هەنگاو دەنێم، وەك بەرەو گۆڕو پەتی سێدارە هەنگاو بنێم، دەمەوێت ئازایەتی بنوێنم.

بەزەحمەت ئەو دوو پلیکانەی ڕێڕەوەکە دەبڕم و سەردەکەوم، سەردەکەوم و لە بن ساپیتەی هەیوانێکی کۆنیندا دەوەستم و سەیری دیوارەکانی بەردەمم دەکەم، کە یەك پارچە بە لەتە ئاوێنەی شکاو ڕازاوەتەوە، بە هەزار لەتە ئاوێنەی شکاو بە دیوارەکانەوە ڕاگیرکراوە، تۆزێکی تەنك لەسەریان نیشتووە، سەرسام دەبم، لەو هەموو تاقەت و حەوسەڵەی ئەو پیاوە هەیەتی، وەك بت دەوەستم و تەماشایان دەکەم، خەیاڵم لە ناویاندا باڵدەگرێت و دەڵێی لەناو خەونێك دام و مۆتەکە سواری سنگم بووە، هێواش هێواش گیانم قورستر دەبێت و پشووم تەنگتر، چاو دەگێرم بۆ شوێنێ لێی دانیشم، تەنها کورسییەکی کۆنی دارینی لێیە، ئەویش باوەشێك لەتە ئاوێنەی لەسەرە، وەك ئەوەی هەست بکات ماندووم و دەمەوێت دابنیشم، باوەشیان پێدادەکات و دەڵێت: فەرموو دانیشە. لە لێوانێکی فافۆندا ئاوم بۆ دێنێ، لەبەر دەمما دەوەستێ و سەرنجم دەدا، بەو قیافە لەڕوو درێژەیەوە، کە هەر لە داهۆڵێك دەچێ بە سێبەرێکی قورس و نەفەسبڕ دامدەپۆشێ و بە دوو چاوی زەردی، کە هەر لە دوو گەڵای دەم خەزان دەچن، قووڵ سەرنجم دەداو بە هێمنییەکەوە دەڵێ: ئەمڕۆ دژوارترین و پەنهانترین حیکایەتی شار دەنووسینەوە، ئیدی ڕەنگە ئەمە دوا حیکایەتی دژواری ئەم شارە بێت، تا جارێ تر، شار لە سپێدەی نەخشێکی تازەتر و حیکایەتێکی تازەتر چاو هەڵێنێ، تا سپێدەیەك شار لە کاژێکی تازەداو لە پەیوەندییەکی پڕ لە میهرو سۆزدا، چاو هەڵێنێ و ئیتر کۆتایی بە دووبارەبوونەوەی حیکایەتە پڕ لە خەم و کەسەرەکانی دوێنێ بێنین، تا سپێدەیەك شار لە خەونی ئێمەدا هەڵبێ و لەبەر شۆقی ئاوێنەکەی ئێمەدا قژی شانەکا. ماوەیەك بێدەنگ دەبێـت و دوایی دێت لەبەر دەمما پاڵ بە دیوارەکەوە دەدات و دادەنیشێت، بەو پارچە لەتە ئاوێنە شکاوەی لە دەستی دایە کەمێك لە خۆڵی بەردەمی هەڵدەکەنێ و دەڵێ: بەڕاست تۆ هیچ لە حیکایەتی ونبوونی دایك و خوشکەکانم نازانی؟ یەعنی شتێکت لەسەر بەسەرهاتی ونبوونەکەیان نەبیستووە؟!. ئیستێك دەکەم و دەڵێم: شوشو گیان، بڕوا بکە هیچم لەسەریان نەبیستووە!. گومان دەکات و دەڵێت: چۆن تۆ لەم شارەدا دەژیت و بە شوێن نووسینەوەی حیکایەتە شاراوەکانی شاردا دەگەڕێیت و هیچ لە بارەی ڕووداوی ونبوونی دایك و خوشکەکانی من نازانی؟!. چەندان جار پێیان وتبووم کە دایك و خوشکەکانی شوشو، چەند سالێك لەمەوبەر، چەند ساڵێك پێش هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران، ئەوان هەڵگیراون، هەر هەموویان لە یەك ڕۆژدا ڕەدووکەوتوون، هەریەکەیان ڕەدووی پیاوێکی نەناس کەوتوون و کەس شوێن و سۆراغیان نازانێ. بەڵام من بەوم وت: شوشو گیان دایك و خوشکەکانت لە چ ڕووداو و کارەساتێکدا ون بوون؟!. لە ئەنفالەکاندا بی سەروشوێن بوون، یان لە کۆڕەوەکەدا ونبوون؟!.

هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و بەدوو چاوی پڕ لە ڕۆندکەوە دەڵێت: خۆزگە هەزار خۆزگە لە ئەنفالەکاندا بێ

سەروشوێن دەکران یان لە کیمیابارانەکاندا تیادەچوون یان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا بێ سەروشوێن دەکران یان لە زیندانەکانی بەعسدا سەرەو نگوم دەکران یان لە هەر کۆست و کارەسات و بەڵایەکی شوومی ئەم وڵاتەدا تیادەچوون و هەرگیز لە تەلیسمی ئاوێنەیەکی نەفریندا وننەدەبوون، کە کەس باوەڕ بە ونبوونەکانیان ناکات، هەتا هیچ ئەژمارکردن و ئامارێکیش نایانگرێتەوە، نە لە لیستی ژنانی ئەنفالکراو و کیمیابارانکراوەکاندا ناونووسو ئەژماردەکرێنو نە لە لیستی شەهیدو کەمئەندامانو ونبوواندا ناونووسو ئەژماردەکرێن، نە لە لیستی هیچ حزبو رێکخراو و دەزگایەکدا ناونووسو ئەژماردەکرێن. ئەوان لەناو داهۆو تەلیسمی ئاوێنەیەکدا ونبوونو نەهاتنەوە، وەك چنگێ زەنگیانەی رەنگاورەنگ رژانە قڵیشی خەرەندێکی قووڵو بێ سەروشوێنەوەو نەهاتنەوە، ئیدی دەبێت تا هەتایە من لەناو چاوی لەتە ئاوێنە شکاوەکاندا بۆیان بگەڕێمو بیاندۆزمەوە، نەك لە عەرعەرو بیبانە بێ کۆتاییەکانی باشووردا، یا لە پاشماوەی خاکی سەربازگەو بەندیخانەکانی بەعسدا، تێگەیشتی هاوڕێم، تێگەیشتی؟! تێگەیشتی، کە دایكو خوشکەکانی من بەناو تەنو داهۆی چ تەلسمێکدا چوون..؟! تێگەیشتی، ونبوونی ئەوان چۆن قەدەری منی بە لەتە ئاوێنەکانەوە بەستۆتەوە؟! تێگەیشتیو باوەڕدەکەیت هاوڕێم؟! بە گریانێکی پڕ لە حوزنەوە هاواردەکات: ئاخ، خوشکانی کۆكو شۆخو شەنگی من چەند نامراز بوون..! ئاخ، خوشکانی هەناسەساردو کلۆڵی من، رۆژانێ چ نازدارو چ شەنگێ بوون، هەر دەتگوت تیشكو رووناهیی رەنگینی پەلکەزێڕینەیەکی هەمیشەیینو شۆقو رووناهیتان بەم ماڵو کۆڵانو شارەدا دەبەخشییەوە، ئەوماڵو کۆڵانەتان دەکردە چراخان، ئێوە جلیوەی پڕ لە جواناوی ئەم شارەبوون. دەستم دەگرێتو دەمباتە بەردەم هەیوانەکەو دەڵێت: تەماشاکە هاوڕێم، جوان تەماشاکە، لەدوای چوونی خوشکەکانم ماڵەکەمان چ وێرانەو خەراباتێکە، تەماشاکەو ببینە دوای چوونی ئەوان ئەو ماڵە بۆتە چ خەراباتێك، ببینەو بزانە کە ژنان ئاوەدانیی ماڵەکانن، ئاوەدانیی دنیاو ژیانن..! ببینەو بزانە دنیای بێ ئەوان چ خەراباتێکە. دەستێك دەباتە سەر شانمو دەڵێت: هاوڕێ، دەبینیت دوای چوونی دایكو خوشکەکانم ماڵەکەمان بۆتە چ وێرانەیەك.

ئای رۆژانێ ئەم ماڵە چەند دڵگیرو رەنگینو رازاوە بوو، پڕ بوو لە چیمەنی سەوزو تەڕ، کە ئێستا لەتە ئاوێنەی شووشە شکاو داپۆشیوە، ئەو جۆگەلانەی پڕن لە شیشۆقو لەتە ئاوێنە، ئەوانە شوێنەواری دێراوی رەشە ریحانەکانی دایکمن، چواردەوری دەرماڵەی چیمەنەکەش پڕبوو لە گوڵی رەنگاورەنگی خوشکانم، گوڵی رەنگاورەنگو هەمەجۆر، پانتۆنیاو مێخەكو شەوبۆو شلێرو دەمەشێرو میناو چیو چی، کە من ناوی هەموویانم نەدەزانی. هاوڕێم سەرهەڵێنەو ریزی ئەو هەموو تەنەکەو قووتووە ژەنگاوییانەی سەر دیواری حەوشە ببینە، ئای هاوڕێ گیان، رۆژانێ چەند جوانو رازاوەبوون، پڕ پڕ بوون لە گوڵە نازنازی ناسكو نیانو هەمەجۆرو هەمەرەنگ، کە رەونەقیان بەو ماڵەو بەو کۆڵانە قورینە دەدا. سەیری تەلو شریتی رایەڵکراوی دەم گوێسووانەکان بکە، کە خوشکانم وەك تەناف بۆ پیاهەڵزنانی گوڵە لاولاوەکان رایەڵیان کردبوون.. ئای هاوڕێ گیان، سپێدان چەند جوانو رازاوەبوون، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم گزنگی خۆردا دەکرانەوەو دەشنانەوە، وەك کۆلکەزێڕینەیەکی پڕ لە رەنگو شەوق، وەی لە خوشکانی من، لە خوشکانی هەناسەساردو دڵ بە غەم و کەسەری من، لە جوغزی لەتە ئاوێنە شکاوەکاندا لەبەر تیرو توانجی ملهوڕانی شاردا.

سەرسام دەبمو چەند دەکەم نازانم چ بڵێم، دوایی دەڵێم: شوشو گیان، ئەوەی تۆ دەیڵێیت راستە؟!

دەستم دەگرێت و دەمباتە ناو یەکێك لە ژوورەکان، وەك منداڵێك وام بەدەستییەوە، پێم دەڵێت: لەمێ دانیشە، لەسەر ئەو رایەخە دانیشە.

لە تەنیشتمەوە دادەنیشێتو دەست بۆ یەکێك لە ئاوێنەکان رادەکێشێتو دەڵێت: ئەو ئاوێنەیە دەبینیت؟! لەناو ئەو هەموو لەتە ئاوێنە هەڵواسراوانەدا، نازانم بە کامیان دەڵێت. دەڵێم: کام ئاوێنەیان؟!

هەر ئەو ئاوێنەیەی لە تەنیشتی دەرگاکە هەڵواسراوەو لە قاوغێکی باغەی سووردایە. بەڵێ دەیبینم، بووە

به چەند پارچەیەکی وەکو یەکو پارچەیەکیشی کەمە. دەڵێت: هەر ئەو ئاوێنە شکاوە قەدەرو داهاتووی خانەوادەکەمانی گۆڕی، ونبوونی دایکمو خوشکەکانم لە سۆنگەی ئەو ئاوێنە نەحلەتییەوە بوو، هەر ئەو ڕێرەوی بوونو قەدەری ئێمەی گۆڕیو پێچەوانەی کردەوە، هەموو ئەو بەڵاو ئافاتو خەراباتەی ماڵمانی وێرانکرد، وەك زریانێك لە ناوچاوی ئەو ئاوێنەیەوە هەڵی کردو ڕژایە ماڵەکەمانو وێرانی کرد. ئیستێك دەکەمو دەڵێم: چۆن شوشو گیان؟.. چۆن تەنها ئاوێنەیەك هەموو بوونو چارەنووسی ئێوەی گۆڕیو قڵپکردەوە؟! هاوڕێ لێرەوە حیکایەتەکە دەستپێدەکات..! لێرەوە بەڵاو ئافاتەکانی من دەستپێدەکەن!. هەمووی چەند مانگێك بەسەر مردنی باوکمدا تێپەڕیبوو، ڕۆژێ دایکم لە گەڕانەوەی بازاڕیدا ئەو ئاوێنەیەی هێنایەوە، بە بینینی ئاوێنەکە خوشکانم دایانە تریقانەوەو پێکەنین، چەنگە چڕەیان بوو، بۆ هەرچی زووتر سەیرکردنی ئاوێنەکە، منیش وەرمگرت و لەناویا سەیرێکی خۆم کرد، بروسکەیەك چوو بە دڵماو دڵم پڕبوو لە خوێنی ڕەش، ترسێکم لێنیشت، نەك وەك منداڵێك، وەك پیاوێك بە دایکم گوت: دایکە شتێکی زۆر خراپت هێناوەتەوە، حەزدەکەم هەر ئێستا لە کێت کڕیوە بۆی بەرەوە..!. دایکم نەیبیست، دواییش چەند جاری تر پێم گوتەوە: (دایکە من خۆشییم لە بوونی ئەم ئاوێنەیە نایەت، هەر کە دەیبینم دڵم توند دەبێت، وەك ئیزرائیل ببینم، دەڵێی دەیەوێت بمکوژێت.. تکا دەکەم دایکە فڕێیدەو با لەو ماڵە نەمێنێ). کەچی ئەو دەیگوت: (تۆ دڵپیسو خەیاڵ گڵاویت، هەموو ئەو شتانەی دەیڵێیت لە دڵو دەروونی خۆتەوە دێنو وا هەستدەکەی لەوەوە دێن، نابینی لەوەتەی ئەو ئاوێنەیەمان کڕیوە ماڵەکەمان چەند دڵگیرو ڕازاوە بووە، خوشکەکانت گەشاونەتەوەو دڵیان چەند بە دنیاو بە ژیان خۆش بووە، خەمی بێ باوکییان نەماوە، ئەوانە زەعیفەن، دەبێت بە مرازی دڵو بەختی باشی خۆیان شاد بن. وتم: دایکە نامرادو بەختڕەشیان دەکات بیرمە جارێکی تریش پێم وت: دایکە لە جیاتی ئەوەی وێنەی بابەگەورە بکەیتو لە جامی بگریتو هەڵیواسی، ئاوێنەیەکی خوێریت بۆ من هەڵواسیوە، هەمووتان بابەتان لەبیرکردووەو ئولفەتتان بەوەوە گرتووە. دایکم وتی: «کەس لەگەڵ مردووی خۆیدا نەچۆتە گۆڕەوە». ئەو وای گوت، بەڵام ئێستا من بە شوێنیاندا دەچمە ناو تەونو ڕایاڵی ئاوێنە شکاوەکانەوە، ئێستا هەستدەکەم تارماییەکمو لەناو تەونو ڕایەڵی هەزاران هەزار لەتە ئاوێنەی شکاودا دیلو بێ چارەم. بیرمە هاوڕێ گیان، هەروەکو ئێستا لە بیرمە، لە هەموو هاتوچوونێکیاندا، لە هەموو چوونەدەرو هاتنەژوورەوەیەکیاندا تاوێك لە بەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستانو لە ئەدگارو ڕوخسارو بەژنو باڵای خۆیاندا ڕادەمان.. زۆر جاریش دایکم بە سەعات لە بەردەم ئاوێنەکە دەوەستاو کەزییەکانی دەکردنەوەو شانەی دەکردنو بۆنی خەنەی تازەلێدراویان دەهات، پرچی شانە دەکردو بەسەر شانو ملیدا پەخشو پەرێشانی دەکردن، ئەو هەمیشە کە پرچەکانی ئاوەڵە دەکرد، بەدەم شانەوە پەرێشانی دەکردنو گۆرانییەکی زۆر غەریبی دەگوت، ئەوەندە غەریب بوو، زۆر جار من لەناویدا دەگریام، ئەو گۆرانیی دەگوتو نم نمەی بارانێکی بەهاریش دایدەکردو ئاوپڕژێنی گوڵو ڕێحانەکانی حەوشەی دەکرد، شنەیەك بۆو بەرامەی گوڵو ڕێحانەکانی لە ژوورەوە دەپەستا، ژوورەوە لە بۆو بەرامەی گوڵو ڕێحانەکان دادەوەستاو دایکم ئەوەندەی تر مەستو حەیران دەبوو، لەسەر پەنجەیەك دەکەوتە سەما. زۆرجار گۆرانییەکەی دایکم لە بارانەکە درێژترو بەنەفەستر بوو، هەمیشەیش کە گۆرانیی دەگوت تاوە بارانێك دایدەکرد، دوای بارانەکەش ماڵەوەمان پڕدەبوو لە پەپوولەی ئێسکسووکی سپی. دایکم ئەوەندە ئەو گۆرانییەی گوتبوو، من بەشێکی زۆری گۆرانییەکەم لەبەرکردبوو، کە دەیگوت:

دڵێکی من چەندە لە ئێشەو چەندە لە ژانە
لەتاو ئەوێ ناڵەناڵێ لەتاو ئەوێ گریانێ
ڕەبی چووکەڵە سووارەکەی من سەبرکا هێواش کا
نەکەوێتەوە بەسەر قەرەوڵی دە لە شکران

ئەرێ سووارۆ .. سووار لە من بەتەنێ..

لەوکاتەدا من ئەوەندە پەستو نیگەران دەبووم قەستم دەبوو بچم ئاوێنەکە داگرمو فرێیدەمە کۆڵان، هەستام، وتم: «ئاوێنەکە فرێدەدەم» چی دەبێت با ببێت، هەستامو نەمتووانی، چیم بینی خودایە، چیم لەناویا بینی خودایە! دەڵێم خۆزگە کوێردەبوومو سەیری ناوچاوی ئاوێنەکەم نەدەکرد، چیم بینی خودایە، تارمایی سوارێك لەناو گەردەلوولێکی پڕ لە تەپوتۆزدا ڕێی دەکردو ئەسپەکەی تاودەدا، هەستم کرد گۆرانییەکەی دایکم ماجەرایەکی قووڵو ترسناکی هەیە، ئەوەندەی تر نیگەرانبوومو ترسام، بیرمە چوومە پەنایەکی حەوشەو تا توانیم گریام، هەستم دەکرد تەنیاترین کەسی دونیام. هەستم دەکرد دایکم ئەوەندەی لە چاوەڕوانیی گەیشتنی سوارێك دایە، ئەوەندە لە چاوەڕوانیی گەورە بوونی مندا نییە. ترسێك لە دەروونما ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبوو، هەستم دەکرد بەڵایەك دێتو ئەو ماڵە مەحف دەکاتەوە. تا ئەو ڕۆژەی لە چلوورەفرۆشتن دەگەڕامەوە، دیم دەرگاکان لەسەر پشت بوون، بەڵام ماڵەوە هەتا بڵێی کپو خامۆش بوو، دەنگی هیچ شتێك نەدەهات، شتەکان هەموویان وەکو خۆیان بوون، تەنها ئاوێنەکە شکابوو و پارچەکانی لەو ناوە کەوتبوون، لە تەنیشتیانەوە پەیکەری ئەسپێکی بچووك کەوتبوو، کە من پێشتر ئەو پەیکەرەم لە ماڵەوە نەبینیبوو، یەکسەر دڵم داخورپاو زۆر ترسام، بەناو ژوورەکاندا کەوتمە گەڕانو کەسیان نەبوون، لە ماڵە هاوسێکانمان کەوتمە پرسیارو سۆراغکردنیان، ئەوانیش هیچ هەواڵێکیان لە بارەیانەوە نەبوو، تەنانەت ئەو ژنە زۆرزانەی هاوسێشمان کە بە هەموو کەینوبەینە شاراوەکانی گەڕەك ئاگادار بوو، هەموو سرتوترێکی گەڕەکی دەزانیو هیچ شتێك بە شاراوەییو پەنهانی لەبەر دەمیا نەدەما، ئەو ژنەی کە ئیشوکاری تەنها چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی خەڵکی گەڕەك بوو ناویان نابوو «قەمەر سەناعی» کەچی ئەویش هیچ ئاگادارییەکی لە ڕووداوەکە نەبوو، وتی: «نازانم کوێوە چوون، من نەمدیون لە ماڵ بێنە دەرەوە، بەڵام چەند سەعاتێ لەمەو پێش گوێم لە رمبژنێك بوو لە ماڵەکەی ئێوە هات، هەرچەند گوێم هەڵخست هیچم نەبیست، نەدەنگێك، نە هاوارێك، بە پەلە هاتمە بەردەرگاو سەیری ماڵی ئێوەم کرد کەسیانم نەبینی، بەڵام پیاوێکم دیت لە ماڵی ئێوە هاتە دەرەوە، بە بێدەنگی ڕۆیشت، دیم شتێك لەناو دەستیدا بوو سەیری دەکرد، تا لە کۆڵان ئاودیوبوو، هەر سەرقاڵی تەماشاکردنی بوو، ئاوڕێکی نەدایەوە، هەر بۆیەش ڕەنگو ڕوویم نەدیت، پیاوێك بوو ئاوا لە شێوەی باوکتدابوو، لە پاشڕا زۆر لە باوکی ڕەحمەتیت دەچوو».

بە ناوهێنانی باوکم هەناسەیەکی خۆش بەدڵما هات، لە دڵی خۆما دەموت، دیارە باوکم زیندووبۆتەوەو گەڕاوەتەوە، چونکی چەندین شەو خەونم بە گەڕانەوەی بابەوە بینیبوو، لە هەمووشیان زیاتر هەستم بە کەلێنی بابە دەکرد، بابە کێوێك بوو ئومێدو دڵنیایی ژیانی پێدەدام، هەر بۆیەش بە مردنی دنیام سەراپای بەسەریەکا ڕماو دنیام تاریکداهات، ئەو مردو هەموو کوێرەوەری و سەختییەکانی ژیانی خستە سەرشان و ملی ساواو ناسکی من، کە لە ژێر شریتی تەبەدۆری چلوورەفرۆشی و تەشتی گەورەی گوڵەبەڕۆژەفرۆشیدا شین و ڕەش هەڵگەڕابوون.. گەڕامەوەو بە پرتاو ژوورەکانم دەورکردەوە، هەموو کون و قوژبن و پەسیوەکانم جارێکی تر بەسەر کردەوەو سۆراغیان نەبوو، دواییش چوومە سەر گۆڕی بابەو دیم گۆڕەکەی ڕووت و سادەو بێخزمەترین و بێنازترین گۆڕی ئەم گۆڕستانە بوو، هێندە بێخزمەت و بێناز و فەرامۆشکراو بوو، دەتگوت گۆڕێکی سەد ساڵەیە، بێناز لەبەر تیشکی هەتاو ڕاکشابوو، بێ سێبەری هیچ دارو سەیوانێك، بەبێ شوێنەواری هیچ درزو قڵیش و کەلێن و کرانەوەیەك، بیرمە تا درەنگانی ئێوارە لە پەنا کێلی گۆڕەکەی هەڵکورمام، تا توانیم نووزامەوەو گریام.. تا توانیم ئەشکم هەڵڕشت، بە جۆگەلەی فرمێسکەکانم خاکی سووتاوی سەر گۆڕەکەیم خووساند، دەمگوت بابە: هەستە لەگەڵما وەرەوە، ناوێرم بەتەنیا بچمەوە بۆ ماڵێکی چۆڵ و خامۆش، ئای بابەگیان! کە دەتزانی چەندە غەریبم، چەندە تەنیام، ئیزنت لە خوا دەخواست و دەهاتیەوە و بەهەشتی خوات بەجێدەهێشت و دواییت بە دۆزەخی من دێنا. من لەناو ژان و زاری تەنیاییدا گەورە بووم، لەناو ئازارو حەسرەتی چاوەڕوانییەکی ناکامدا

گەورە بووم و چاوەڕوانیم گەورەتر بوو، بەڵام تروسکەی ئۆمێدێکی کز، وەك شۆقی ئاوێنەیەکی دووری بەرهەتاو، لە دڵما دەبریسکایەوەو دەرروونی پڕ دەکردم لە ڕۆشنایی. ئیدی لە دوای چوونی ئەوان لەتە ئاوێنە شکاوەکانی ئاوێنەکەی دایکم تاکە هاودەم و هاوغەم و هاونشینی من بوون، تاکە ڕووگاو پەناگەی ئارامی من بوون، تاکە یادگاری ئازیز و خۆشەویستی ئەوان بوون، هەر ئەو ئاوێنەیەی کە پێشتر سەرسەختترین دوژمنم بوو، کەچی لەدوای چوونی ئەوان بوو بە خۆشەویستترین و ئازیزترین پاشماوەی ئەوان، چونکە هەستم دەکرد ئەوەی هاتۆتە پێش، ئەوەی ڕوویداوە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، هەستم دەکرد سرێك لە شکانی ئاوێنەکەدا هەیە، لوغزێك لە ونبوونی یەکێك لە پارچەکانی هەیە، دەبێ بیزانم و بیدۆزمەوە، هەر بۆیەش شەو و ڕۆژ لەگەڵ شەوق و باق و بریق و خرم و هوڕی ئەو لەتە ئاوێنانەدا ژیانم بەسەر دەبرد، بەردەوام لە دەستم وەردەدان، تێیان ڕادەمامو قووڵ سەرنجم دەدان، دەچوومە قووڵایی تاریك و بێبنیان، لە شوێن سۆراغێکی ئەوان شەو و ڕۆژ بەدیاریانەوە هەڵدەکورمام و سەرنجی ناوچاوی ئەوانم دەدا. تا ئەو ڕۆژەی لە قووڵایی تاریکی یەکێ لە لەتە ئاوێنەکاندا تارمایی یەکێك لە خوشکەکانم دی، ئیتر لەو ساوە ئاشنایەتیم لەگەڵ لەتە ئاوێنەکاندا ئەوەندەی تر زیادی کرد، تا تارمایی و سێبەری هەموویانم لەناو چاوی لەتە ئاوێنەکاندا دۆزییەوە، هەر یەکەیان لەناو چاوی تەلێکدابوو! ئیدی چەندان شەو بە دیار لەتە ئاوێنەکانەوە خەو دەیبردمەوە. کە دەشنووستم خوشکەکانم دەهاتنە خەونم و هەراسانیان دەکردم، داوای ڕزگاربوونیان لێم دەکرد، هەرئەوانیش پێیان وتم: بگەڕێم لە شوێن ئەو لەتە ئاوێنەیەی کە دایکمانی تێدا بەندەو پیاوێك بردی، هەرئەوان پێیان وتم: تا ئەو لەتە ئاوێنەیە نەدۆزییەوە ناتوانی هیچ بکەی بۆ ڕزگاربوونمان، بەڵام هەر ئەوان وتیان دەبێ ئەو لەتە ئاوێنەیە بدۆزییەوەو ئاوێنەکە بەیەکەوە بلکێنیتەوە و وەك خۆی لێ بکەیتەوە، تا ئێمە لە تەون و داهۆو سیحری ئەو لەتە ئاوێنە نەفرەتییە ڕزگار بکەیت و جارێکی تر بە دیداری یەکتر شادبینەوەو لە سێبەری ماڵێکدا کۆببینەوە. ئیدی دەبوو من ئەو لەتە ئاوێنە شکاوە بدۆزمەوە، تا ئاوێنەکە ساغڵەم بکەمەوەو بەیەکەوە بلکێنمەوە، بەبێ شوێنەواری هیچ درزو شەق و شکانێك، تا دایکم و خوشکەکانم لەناو تەون و داهۆو سیحری لەتە ئاوێنە شکاوەکان ڕزگار بکەم، تێگەیشتی هاوڕێم.. تێگەیشتی؟! بەڵام کەس ئەوە نازانێت بۆ لە شوێن کۆکردنەوەی لەتە ئاوێنە شکاوەکانم، نازانن بۆ دەمەوێت هەرچی زیاترە لەتە ئاوێنەی شکاو کۆبکەمەوە، نازانن لەشوێن لەتە ئاوێنەیەکی ونبوو دەگەڕێم، کە دایکمی تێدا بەند بوو، ئەوان نازانن کە دایكو خوشکەکانم لەناو تەوندا هۆی جوغزی چەند لەتە ئاوێنەیەکدا بەندن، خەڵکی ئەو ڕاستییە نازانن، تێگەیشتی هاوڕێم؟! ئەگەر تاقەتو حەوسەلەو ئولفەتمان هەبێو بتوانین کەمێك لێی بڕوانین، دەتوانین زمانی دارو بەردیش فێربین، نەك هەر زمانی ئاوێنە، ئا، ڕەنگە سادەترینو ڕوونترین زمان زمانی ئاوێنە بێت، ڕەنگە ڕاستگۆترینو حەقیقەتترین زمانیش زمانی ئاوێنە بێـت، بەڵام کەس ئەو ڕاستییە نازانێت کەس. ئەو باسە سەیرو نامۆیە، خەریکبوو بەتەواوی تووشی خەڵەفانو خۆونکردنی دەکردم، ئەوەندە وڕوکاس بووم هەستم دەکرد خەریکە جڵەوی هەستی بیرم لەدەستدەدەم، تەواو لە دنیای پێشتری خۆم دادەبڕێم، لەتە ئاوێنەیەك هەڵدەگرم، تاوێك تەماشای ڕەنگو ڕووخساری خۆم دەکەم، تا خۆم لەبیر نەکەم، هەر بۆیەیش ویستم لەو باسە دوورکەومەوە، پێم وت: شوشو گیان، بۆ برێك لەو لەتە ئاوێنانەت هەڵواسیوەو برێکی تریشت لەو تەپوتۆزی حەوشەدا فڕێداوە؟!. زەردەیەك دەکاتو بە هێمنییەکەوە تیلەی چاوە زەردەکانم تێدەبڕێتو دەڵێت: ئەوانەی لە حەوشە فڕێدراون هیچیان تێدا نەبوو، بۆشبوون بۆش، هەروەکو لەتە ئاوێنەکانی جەنابت، ئەوانەی هەڵیشم واسیون پڕن لە وێنەی سەرنجڕاکێشو نەمر، پڕن لە حیکایەتی سەرحەدی. پێدەکەنمو دەڵێم: بەڵام شوشو گیان من هیچیان تێدانابینمو نابیستم. دەڵێت: چونکە قەت هاوڕێیەتیی ئاوێنەت نەکردووە، قەت سەروکارت لەگەڵیا نەبووەو هیچ موحیبەتێکت بۆی نەبووە، بۆیە هیچیان تێدا نابینیو نابیستی، گوناهـ لەچاوەکانی خۆتە کە ناتوانن وێنەی ناو لەتە ئاوێنەیەك ببینن..! گوناهـ لە

گوێییەکانی خۆتە کە ناتوانن حیکایەتی ناو لەتە ئاوێنەیەك ببیستن.! گوناهی خۆتە هاوڕێم گوناهی خۆت..! هەڵسە لەگەڵمابە، با گەشتێك بەناو وێنەی ناو لەتە ئاوێنەکاندا بکەین‌و تاوێك گوێ بۆ حوزن، ئازاری حیکایەتەکانی ناو لەتە ئاوێنەکان رادێرین. بە هەزاران لەتە ئاوێنە بە دیواری هەیوان‌و ڕێڕەوی ژوورەکانەوە هەڵواسراوە، لەبەردەم هەر لەتە ئاوێنەیەك دەوەستێت وێنەیەکم پیشاندەداو حیکایەتێکم بۆ باس دەکات، هەزار ئاوێنەو وێنەو هەزار حیکایەت دەبینم‌و دەبیستم‌و هیچیش نابینم‌و نابیستم، سەرسام دەمێنم، بەجارێ شێت‌و خەڵەفاو دەبم، چەند دەکەم نازانم گومان لە چاو و گوێ‌و هەستەکانم بکەم، یا لە ئاوەزو هۆشی ئەو؟ چەند دەکەم نازانم قسە لە خەون‌و خەیاڵ دەکات، ورێنە دەکات‌و خەڵەفاوە، یا قسە لە ڕاستییەکی شاراوەو حەقیقەتێکی نادیار دەکات؟ چەند لەتە ئاوێنەیەکم دەستنیشانکردووەو دەچمەوە سەریان‌و لێی دووبارە دەکەمەوە: شوشو گیان، وێنەی ناو ئەو ئاوێنەیە چی بوو؟! -کامە؟.. ئەوەیان؟.. ئەوە وێنەی کچێکە لەبەر پەنجەرەی ماڵەوە دانیشتووەو ئاوێنەیەکی لەدەستدایەو دەیخەنە بەر خۆرەتاو و تیشك لە پەنجەرەی ماڵی دڵخوازەکەیان دەگرێت، پەیام و رازو نیازی بۆ دەنێرێت، دوایی باوکی بە کەین‌و بەینی دەزانێت‌و هەر بەو لەتە ئاوێنەیە سەری دەبڕێت!. دەچمە بەردەم لەتە ئاوێنەیەکی ترو دەڵێم: ئەمەیان چی بوو؟ -ئەمە وێنەی ئەو کچەیە کە لە ژوانی ژێر دار زەیتوونەکە ئاشکرا دەبێت، دوایی بە هەموو خەڵکی شار بەردبارانی دەکەن، بە بەردو پێڵاو و کەرتە بلۆك کوشتیان‌و کەڵەکە بەردێك لەسەر لاشەکەی هەڵدەچنن. هەستدەکەم ڕاست دەکات، هەموو ئاوێنەکان وێنەیەکی ڕاستەقینەیان تێدایەو من نایانبینم، حیکایەتێك دەگێڕنەوە من نایبیستم، ئیدی وەك ئەوەی ئەوانە لەتە ئاوێنەی شکاو نەبن، وەك ئەوەی تابلۆیەك بن یا کاسێتی سیدی‌و ڤیدیۆ بن، تەنها بە دەست خستنە سەریان هەمان وێنەو بەسەرهات پیشان دەدەنەوەو دووبارە دەبنەوە. وتم: بۆچی شوشو گیان هەموو لەتە ئاوێنەکان تەنها وێنەو حیکایەتی ژنیان تێدایە؟! بۆچی وێنەو بەسەرهاتی پیاوێکیان تێدا نەبوو؟! بە گاڵتەپێکردنێکەوە وتی: چونکە پیاوان هیچ ئولفەتێکیان بۆ ئاوێنە نییە، هیچ لە سیحرو جەفەنگی ئاوێنە تێناگەن، بەڵام ژنان خولق‌و سەلیقەیەکی جوانیان لەگەڵ ئاوێنەدا هەیە، پەیوەندییەکی قووڵ‌و ڕاستەقینەیان لەگەڵ ئاوێنەدا هەیە، ئەوان قەت رازو نیازی دڵیان لە ئاوێنەکانیان ناشارنەوە، سەیرکە هاوڕێم ڕاستییەك هەیە کەم کەس دەیزانێ، بڕوا بکە لە باخەڵ‌و بوخچەو جانتای هەموو ژنێکدا ئاوێنەیەك هەیە، هەروەها لە قووڵایی چاوی هەموو ئاوێنەیەکدا حیکایەتی شاراوەی ژنێك هەیە!. وتم: شوشو گیان، ئەی تۆ بەو هەموو خولق‌و سەلیقە جوانەوە ئاوێنەیەکت بۆ خۆت نییە؟!

-بۆ نیمە؟! هەمە، ئەو ئاوێنە بازنەییە دەبینی؟ ئەوەی بە مقەباو سارغ دەوری گیراوە، ئەوە ئاوێنەی منە، ئەوە تەواوکەری تەواوی حیکایەتی ناو ئاوێنەکانی ترە.. ڕۆژی خەونی شاراوەی ناو هەموو لەتە ئاوێنەکانە لە ناوچاوی ئەودا هەڵدێن‌و دەبن بە ڕاست، هەتا خەونی درووستبوونی ئاوێنە گەورەکەی شاریش هەر لە ناوچاوی ئەو ئاوێنەیەدا هەڵدێ، دەبێت بە ڕاست، بەڕاستمە هاوڕێ گیان، شۆخیت لەگەڵدا ناکەم، بەڵام نازانم تۆ ئاوێنەی تایبەت بە خۆتت هەیە؟! وتم : نا.. نیمە! وتی: ئیتر لەمڕۆوە ئەو ئاوێنەیە دەبێـتە ئاوێنەی تۆ. وتم: یەعنی چی شوشو گیان؟! -یەعنی ئەم ئاوێنەیە لەمڕۆوە هی تۆیە، پاراستن‌و ئاگالێبوونیشی لە ئەستۆی تۆیە!.

من کە قەت ئاوێنەیەکم نەبووە، قەتیش بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئاوێنەیەکم هەبێ، بیریشم نایە قەت ئاوێنە هیچ ئاتاجێکی لە ژیانی مندا هەبووبێ‌و قەت خولق‌و ئولفەتم بۆ ئاوێنە هەبووبێ، هەتا بۆ ڕیشتاشینیش ئاوێنەم بەکارنەهێناوە، وتم: سوپاست دەکەم، من پێویستم بە ئاوێنە نییە!.

-وتی: قەت وامەڵێ، ئێمە هەموومان پێویستیمان بە ئاوێنە هەیە، ئێمە بەبێ ئاوێنە ناتوانین ڕاستیی حەقیقەتی خۆمان وەك هەین ببینین، بناسین! جیا لەوەش ئێمە پەیمانێ لەنێوانماندا هەبوو، ئەویش بەتاڵکردنەوەی تەلیسمی نغرۆبوونی شارو دروستکردنی ئاوێنەیەکی گەورە، تا هەموو شار لە پەیوەندییەکی بەرچاودا ببینین، ئاوێنەیەك بکەینە باڵانومای شار، تا جارێك شار لەسەر نەخشێکی تازەترو پەیوەندییەکی تازەتر داڕێژینەوە،

پەیوەندییەك هیچ سرو پەنهانو درۆیەکی تێدا نەبێت، تا نەزیفی خوێنی پەپوولەکان راگرین، تراژیدیای حیکایەتی ژنانی ناو لەتە ئاوێنەکان دوایی پێ بێت. ئا، دەبێت لەگەڵما بیت بۆ دارشتنی حیکایەتێکی تازەتر، دەبێت وەك ئەو حیکایەتە لەگەڵما بیت، تا سپێدەیەك شار لە حیکایەتێکی تازەی ئێمەدا چاوهەڵدێنێ. لەگەڵمابە، با بەر لەوەی لە گۆرێکی بێ ناونیشاندا ونبم ئەو هەموو حیکایەتانەم لێ ون بێت، با لە قووڵایی ئەو ئاوێنەیەدا ونبم، ئەی برای ئازیزو خۆشەویستم لەگەڵمابە، لەپێناو نووسینەوەی حیکایەتێکی تازەدا لەگەڵمابە، لە ناوچاوی ئەو ئاوێنەیەدا هەڵمبگرەو راسپاردەکەم بگەیەنە، ئەو لەتە ئاوێنە ونەم بۆ بدۆزەرەوە کە دایکم تێیدا بەندە!.

وتم: شوشو گیان، تۆ باس لە چی دەکەیت؟! من هیچ لە سیحرو جەفەنگی ئاوێنەکان تێناگەم، لە زمانیان نازانم، ناتوانم لە وێنەو هێماو ئاماژەکانیان حاڵی بم؟! وتی: ئاساییە هاورێم، هەر لەو کاتەدا من لە ناوچاوی ئاوێنەکەدا وندەبم، تارمایی‌و سێبەری دایکم لە سەرووی لەتە ئاوێنەکە بەدیار دەکەوێت، هەموو چاوێك دەتوانێت سێبەرو تارمایی ئەو وەك ژنێك ببینێ.

-ئاخر شوشو گیان، گەر تۆ نەبیت بیشیدۆزمەوە دەتوانم چیی بۆ بکەم؟!.

-گەر دۆزیتەوە هەر بەو لەتە ئاوێنەیە تیشکێك بدە لە چاوی ئاوێنەکە، ئیدی من لە دوورترین قووڵایی ئاوێنەکەشدا بم هەستی پێ دەکەم‌و دەتوانم جارێ تر بێمەوەو وەك شۆقێك برژێمە تەنیشتەوە.

لەو کاتەدا لەبەردەم ئاوێنەکە دانیشتبوو، بە ئەسپایی دەستی بە رووی ئاوێنەکەدا دەهێنا، بەبەر چاوی منەوە گوتی: وەك سێبەرێك رژایە چاوی ئاوێنەکە ونبوو، ئیتر ترسێ هەموو گیانی تەنیم، تەواو ورو حەپەسابووم، بروام بە بینینی چاوەکانم نەدەکرد، وەك ئەوەی لەناو خەونێکی مۆتەکەئامێزدابم، بێدانەوە بوومەوە، تا دەهات پشووم تەنگتر دەبوو، هاوارم کرد (تووخوا شوشو جێم مەهێڵە خەریکم دەخنکێم) دوای کەمێك لەسەر رووی ئاوێنەکە بەدەرکەوتەوە وتی: مەترسە براڵەی خۆم هیچ مەترسە! برۆ و راسپاردەکانت بیر نەچێت، بگەرێ لە شوێن لەتە ئاوێنەکەی دایکم، لە ئێستاوە قەدەری بوون‌و نەبوونی من‌و ئەو شارەو تەواوی خوشکانی ناو لەتە ئاوێنەکان بە بوونی تۆو ئەو ئاوێنەیەوە بەندن. برۆ و ئەو لەتە ئاوێنەیەم بۆ بدۆزەرەوە، تا سپێدەیەك شار گوێبیستی حیکایەتێکی تازەتر بێت، حیکایەتێك پرپر بێ لە بزەی ژیان، لە ئەوین‌و خۆشەویستی، پەیوەندیی راست‌و جوان. برۆ هاورێم ئاوێنەکە هەڵبگرەو برۆ، تا دیداری تر ماڵئاوا، بیرت نەچێت، بەبێ دۆزینەوەی ئەو لەتە ئاوێنە ونە ئێمە هیچ شتێکمان پێ ناکرێت، ماڵئاوا، براڵە ماڵئاوا. تەنها دەستی لەناو ئاوێنەکە هێنابووە دەرەوەو بای بای دەکردو دەتگوت لەناو حەوزێك ئاودایە.. ئیتر بۆ دواجار لە چاوانم ونبوو! وەك ئەستێرەیەکی راکشاو تاریکایی ئاوێنەکە قووتی داو لە چاوانم ونبوو، تا تارمایی‌و سێبەریشی بەسەر رووی ئاوێنەکەوە نەماو ونبوو. ئەو ونبوو، من کەوتمە ژێر باری قورس‌و گرانی ئاوێنەیەك، وەك گوڵمیخێك بەرامبەری داکوتراوم، وەك ئەوەی سێبەری شوقێکی کاڵی ئەوبم‌و لەوەوە جارێتر برژێمە دنیاوە، برژێمە ناو چاوی حیکایەتێکی نامۆوە، ئێستا من دیلی رایەڵی روانینەکانی ئەوم، بە عەزابی ئەو بارو سێبەر بوون‌و چاوەروانییەوە ناتوانم تەواوی کوچەو کۆڵانی ئەم شارەو تەواوی شارەکان بەشوێن لەتە ئاوێنەیەکدا هەڵگرم، هەربۆیەشە هانا وەبەر ئێوەی ئازیزو خۆشەویست دەبەم، یارمەتیم بدەن لە هەرکوێ هەن، بگەرێن بەشوێن لەتە ئاوێنەی شکاودا، گەر هاتوو تارمایی ژنێکتان لە لەتە ئاوێنەیەکدا دۆزییەوە، بەم ناونیشانەی خوارەوە بۆم بنێرن، تا لە داهاتوودا گوێبیستی چیرۆکێکی تازەتر بن.

ناونیشان: سەرابستان

شاری لە رۆخی نغرۆبوون.

کۆڵانی لە تەپوتۆز.

ماڵێك پر لە لەتە ئاوێنە.

ئیمێڵ: shw shw@yahoo.com